# موستەشارێکی سپی

**عومەرمەرمحەمەد**

**ناوەراستی ئازاری ٢٠٠٨**




ڕەنگە پڕکێشی بێ، لەدوای کۆمەڵکوژی ئەنفال، قسەی باش دەربارەی موستەشارە کوردەکان بکەین‌و وێنەک لە ئازایەتیان بڵاوبکەینەوە..! بەڵام کە بەڵگەکان، خۆیان دەسەپێنن‌و قسەی دەربازبووەکان، دەبنە مەحەکو بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن دەبنە شایەتحاڵ، ئیدی راستی نەوتن دەبێتە نامەردی و دەبێت ویژدان وتێگەیشتن لەبەهای مرۆڤ دادوەربێت.

(ئەوە جاش نەبوو، فریشتە بوو) ئەمە قسەی پیاوێکی گوندی بەکرەشەلە کە کەسوکارەکەی ئەنفالکراون ! ئەحمەد عەلێ لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا وای گووت لەدنیاو لەقیامەت شایەتی بۆ دەدەم، کەواتە ئێستا باسکردن‌و داکۆکی لێکردنی نەک دەبێتە کارێکی ئاسایی، بەڵکو دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقیش، بۆیە ئەم ژمارەی گۆڤاری (ئەنفالستان)دا ژمارە (٦) وێنەی موستەشارێک بڵاودەکاتەوە کە جیاوازە لە موستەشارە بەد ناوەکان، ئەگەرچی بەشداری ڕاستەوخۆی لە ئەنفالدا کردووە، بەڵام جیاوازە لە ئەنفالچییەکان..! جیاوازی ئەو موستەشارە چ لەسەروەختی رژێمداو چ لە سەروەختی دەسەڵاتی کوردیشدا راستیەکی بەرچاوە. ئەو لەسەردەمی رژێمدا چەکداری سەدام و پشتیوانی رژێمەکەی بووە بەڵام پیاوێکی خوێناوی نەبووە، بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان بێ " سەعید جاف گوناهە ناوی موستەشاری لێبنرێت، چونکە سروشتی ئەو پیاوە هەر لەبنەرەتەوە بۆ جاشێتی نەگونجاوو نا تەبابووە، ئەمە مەلا حاتەم وای گوت، وەک یەکێک لەدەربازبووەکان دەڵێ ئەو توخمەکەی بۆجاشێتی ناشیا لەومەعدەنانەیە کەگەرد ناگرێ" منیش هەر وای بۆدەچم ! بەتایبەتی دوای ئەوەی بە دیار ئەوکاسێتە ڤیدۆییانەوە دانیشتم یان هەرکەسێک کاتێک تەرخان بکات بۆ بینیان، بە تەواوی توشی شۆک دەبێ، من بۆخۆم توشی شۆک بووم، کاتێک شۆرشێک توشی شکست دەبێ‌و

پێشمەرگە تفەنگەکەی خۆی لێدەبێتە تەوق، جگە لە پارتیزانەکان کەس بەچیاوە نەمێنێ، تاکە کەسێک لە بەرەی بەعسەوە بەڕوی سیاسەتەکانی ئەنفالدا دێتەوە ! ئەی چۆن توشی شۆک نابین ؟ ئەگەرچی ئەنفال ماشێنێک نەبوو بەهێزی پێشمەرگەو بەو ئیمکانیاتە کەمە بەرپەرچ بدرێتەوە، بەڵام کاتێک ئیرادە بۆ مرۆڤدۆستیو مەردایەتی هەبێ تاکە کەسێکیش دەتوانێ بەئازایەتی خۆی رۆڵی گرنگو کاریگەر بگێڕێو مرۆڤایەتی بە روسوری بهێڵێتەوە، هەروەکو سەعیدجاف لەساڵی 1988 بەناوی موستەشارەوە لەئەنفالداو ئوسکار شیندلری ئەلمانی: ئەو بازرگانەی کەلەدوادواییەکانی جەنگی جیهانی دووەهەم بەناوی کاری سوغرەوە ژیانی هەزاران جولەکەی لەتاوانی هۆلۆکۆستو دەستی نازیەکان رزگار کردووە، کە هەندێک دەڵێن بە هەزارانی جولەکە بوون و هەندێکیش دەڵێن ٢٢٠ کەس بوون .

ئەو لەپەلامارەکانی ئەنفالدا نەک دەیان کەس بگرە سەدانو هەزاران کەسی لەدەستی ئەنفالچیەکانو دۆزەخی ئەنفال رزگارکردووەو دەیانو سەدان پێشمەرگەی دالّدەداوەو پارەی داونەتێو مەسرەفی کێشاونو بەتەنگیانەوە هاتووەو مشوری خواردوون، من کەشەوێکی تەواو تا سپێدەی بەیانیو دواچرکەی کارەبا بڕان لەرێگەی ڤیدۆسیدییەکەوە بەدیار ئەوژنوپیاوە گەرمیانیانەوە دانیشتم، کەحیکایەتی لیقەومانومەینەتی خۆیان دەگێرایەوە،باسیان دەکرد کە چۆن ئەوموستەشارە سپیە لەو هەردەو جەوەڵانەی گەرمیان بەهانایانەوە چووەو جوندی دارکاری کردووەوخەڵکی لەدەست فڕاندوون، کوڕە جاحێڵوکچە ناسکەکانو میمکە تۆقیوەکانی لەدۆزەخی بەعس شاردووەتەوە، هەرچی پاڵەوانەکانی دنیایە لەبەرچاوم بەچۆکدا هاتن، فشەکەرە هاوچەرخەکانم بەزەلیلیوگرگنی بینی، کاریزما سیحربازەکانم باشتر ناسی، یاران من ئەوشەوە لەچی نامۆییەکدا چەقیبووم..؟ منو کۆنەجاشێک کوجا مەرحەبا ؟ ئاخر منو موستەشارێک چۆن دەبێت خەمەکانمان ئاوێتەی یەکتری بین، هەزاران گومانو دودڵیو پرسیار تێم ئالابوون، ترس لەوەی نەکا ئەمە کلاوێکبێو بازرگانەکانی ئێسکو کەللەسەر بیانەوێ بینێنەسەرمو بەهۆیەوە سومعەم بشکێننو سبەی چەقاوەسووەکانی ناو سایتو ماڵپەرەکانم تێبەردەن، ترسو گومان لەهەموو شتێک لەقسەی ئەو کەسە بێ تەماحانەی بەبەرائەتەوە تکایان لەحکومەتی هەریم دەکرد ئاوڕ لەپیاوێکی ماندو بدەنەوەو کەمێک ئاسودەی بکەن، ( سەعی جاف، سەعی حمەغەریب) یش بەرۆکی بەرنەدەدامو بەوهەموو پەرپوتیو هەژارییەی خۆیەوە، بەرابوردووی جاشایەتیەوە ببوە سپی ترین بونەوەر لەبەرچاوم، ببوە بەبەهاترین مرۆڤ لەژیانمدا، ئەوەی سەعید جاف بناسێ دەزانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە مرۆڤی لەلا سوکوبێ بەهایە، چەندە بەچاوی سوک تەماشای کەسوکاری ئەنفالو قوربانیەکانی دەکات؟ سەعید جاف بەشداری ئەنفالی کرد، بەڵام مەدالیای ئازایەتی وەرنگرتووە، بەڵکو ژیانی لەمەترسیدابوو بەتایبەتی ئەوکاتەی، راپۆرتەکانی موخابەرات دەیانەویست سەری بکەن بەگۆمدا، بۆیە عەلی حەسەن مەجید نیشانەی پرسیاری لەسەردادەنێو پێی دەڵێت: کوا ئەو 1200 هەزارودووسەد کەسە ناشەریفانەی لەرێزی مقاتلە شەریفەکاندا شاردووتنەوە.

ئەمرۆش ئەو بەتەواوی جیاوازە لەمستەشارەکان،لەپەنای هیچ حزبێکەوە کەڵەگایی ناکات، نەحیمایەی بەدواوەیە، نە موچەیەکی هاکەزایشی بۆبراوەتەوە، بەڵکو هەژاری ماڵی خۆیەتیو شۆفێری خەڵکەو زۆرجاریش لەناو کەللەی ئەو لۆرییەدا دەخەوێ کەسەرچاوەی بژێوی چوار کورو چوارکچە ..

ئەی چۆن ئەم جاشە باشەم ناسی ؟

کاتێک تەلەفۆنی برادەرێکی لەڕادەبەدەر خۆشەویستی خۆمم لەگەرمیانەوە بۆهات، ووتی: ئەگەر بۆ ئەنفالستان مقابلەی بکەیت پیاوێک هەیە شتی سەیری لایە، منیش ووتم: بەسەرچاو، لەکوێ دادەنیشێ، لەکوێ ئەنفال بووە؟ لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە یان ؟ قسەکەی لەدەم دەورگرتمو ووتی: کوڕە نەوەاللە موستەشار بووە لەکاتی ئەنفالەکەدا، شتی سەیروعەنتیکەی لایە ، بەڵام پیاوێکی زۆرباشە.

منيش ووتم:  بۆنا بەسەرچاو بەڵام تۆ ووتت پياوێكی زۆرباشە، جا بۆ جاشی باشيش هەيە..؟! بەتايبەتی ئەگەرموستەشاريش بوبیو بەشداری ئەنفاليشی كردبی ..!! بەپێكەنينەوە وتی:  بيبينە ئەوساخۆت تێدەگەيت.. ئيتر بريارمدابوو ببيينمو چاوپێكەوتنێكی لەگەڵدا بكەم، ئەو ڕۆژەی  يەكتر ناسينەكەمان دروست بوو، ناسياوێكی خۆمی لەگەڵدا بوو: ووتی ئەمە كاك فلان كۆنە ئامرسريەی جاش ..ئەو يەكسەر نارەزايەتی دەربڕیو ووتی: دەی برا لەوەشدا مەغەدورمان مەكەن من موستەشاربووم، ئامرسريەی چی ..!!  لەڕاستيدا ئەوجارە هيچ بايەخم بەقسەكانی نەدا، عادەتەن وەك هەرجاشێكی تر زۆر داكۆكی لەخۆی كرد ( قەسەم بەوخوا ئەوەندەكەسم لەفلان رزگاركردووە، ئەوەندەپێشمەرگەم بەچەكەوە، پەناداوەو ئەوەندە ژنو منداڵم لەفلانە شوێن داوەتەوە دەست خاوەنی، ژنومنداڵی فلان بەرپرس  من رزگارم كردووە.. ئەو حيكايەتی مێشەی هەموو موستەشاروجاشو كۆنەبەعسيەكان لەكۆڕو مجليسدا دەيرێسن )

هەروەندەم خۆش بوو پێمووت ئەم قسانە بەدەردت ناخۆن، بەڵگەت چيە؟ كێ شايەتيت بۆ دەدا بەتايبەتی ئەوانەی رزگارت كردوون، دەستی درێژ كردو ووتی: دەستت بێنە هەر ئێستا دەرۆين نەك شايەتێك سەد شايەت لەوانەی رزگارم كردوون، كامێرا بێنەو قسەكانيان بگرە..من دەڵێم سەد تۆبڵێ هەزار.. دەنگی دلێر بوو، كاتێك وەڵامم دايەوەو لێمپرسی ئەوانە: خزمت نين ؟  ووتی: ئەوە بەڕاستتە ئەگەر يەك خزمی خۆمی تێدا بوو قبوڵت نەبێ. لەڕاستيدا كابرا توشی تێڕامانێكی سەيری كردم، بەتايبەتی جلو بەرگو شێوازی قسەكردنی هيچيان  ياريدەدەرنەبوون ئەمە موستەشار بووبێ، چونكە ئەوان هێشتا جلی گرانبەهاو سەروسميل بۆياخكردنەوەو سەيارەی گرانبەهاو حيميايەی هەرزانيان بەدواوەيەو سەعيد جافيش پياوێكی سەڵتو تاڕادەيەكی زۆريش پەرپوت، كەچی دەيگوت ( ئەوەندە چەكداری هەبووەو هەزارو ئەوەندە پێشمەرگەی پەنا داوەو فيسار بەرپرسی ئەمڕۆ "لەحزبو لەحكومەتيش" فلان قايمقامو عەقيدوعەميدو كورە وەزيريش لەلای ئەم جاش بوونو خۆشی لەژيانێكی پەرپوتدا دەگوزرێو سايەقی خەڵكە..ئيتر بريارمدا ببيينمو ديدارێكی لەگەڵدا سازبكەم..ئەو ڕۆژەی بينيم نيوەی ڕاستيەكانم بۆ روون بووەوە بەتايبەتی كەبانگی كردمە ناو لۆريەكی درێژەوەو لەناو كەلـلەی لۆريەكەدا جيگەو بانی خەوو شڕوشيتاڵی پێداويستيەكانی بەو ناوەدا بڵاوببونەوە، لەناو جانتايەكيشدا زيارتر لە(5)  كاسێتی ڤيدۆو 4 سيدی دەرهێناو دايە دەستم ، ووتی: ئەوە بگرە بيبە لەماڵەوە تەماشايان بكە بزانە من درۆدەكەم يان رۆژگار درۆزنە، ئەوانەی خەڵكيان بەكۆمەڵ ئەنفالكرد ئێستا بەقەد سەركردايەتی كورد دەستيان دەڕواو ئەوەشی خەڵكی رزگاركردبێ وەكو من ريسوايەو ئاوڕی لێنادەنەوە.. ئيتر كە ديدارەكەم لەگەڵدا تەواو كرد وروكاس بووم..سەرسام بووم لەرۆلی ئەم كابرايە، ئەمە ڕاستگۆيە يان برايم زەبۆكێكی ترە..ئەمە دەيخەيتە خانەی جەلادەوە يان قوربانی، خائينە يان تێكۆشەر..بەڵام هەر ئەوەندەی گەيشتمەوە ماڵەوەو تەماشاكردنی سيديەكانم خستەپێش پشودانو نان خواردنی ئێوارەوە ..توشی شۆك بووم..لەقسەی ئەو شايەتحاڵانەی ڕزگاری كردوون، لەكۆنەپێشمەرگە، ژنومنداڵ،پيروپەككەوتە، دەركردنی كچە عازەب لەچنگی سەربازە بەدرە فتارەكان.. بەڕاستی ئاهێكی سەيرو ئەفسوناوی بوو بەناخمدا هات.. بە تايبەتی قسەی شايەتحاڵێك بەناوی فەيسەڵ لە عەشيرەتی گێژ ووتی: من ئەو سەعيدجافە نەدەمناسی، نەبيستبووم،نەناويم بيستبوو، تەنانەت هەتا دوای راپەرينيش نەم ناسی بوو، بەڵام ئێستا خۆشەويستترين كەسمە،چونكە پياوێكی بەغيرەتو كوردێكی بەشەرەف بوو)  ئەو هەرئێمەی رزگارنەكردووە..ئەم گەرميانە ئەونەبوايە تاكە كەسێكی لێ رزگارنەدەبوو.. تەلەفۆنم بۆ ئەندامێكی كۆمەڵەی دەستەی داكۆكی ئەنفالكراوەكان كرد بەناوی ئەحمەد عەلی كە تاكە دەربازبووی خێزانەكەيتی: ووتی من مەمنونی قۆندەرەكانی سەعيد جافم، ئەوەی ئەو كردوويەتی بەقسە تەواونابێ كورد قەرزاری ئەوپياوەيە.. سەعيد جاف باس لەرزگاركردنی 17000 حەڤدە هەزاركەس دەكات كە رزگاری كردووە،

شایەتحاڵەکان بەزۆری جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی سەعید جاف رزگاری کردووە لەژماردن نایەن، بەڵام با ئێمە گریمانەی ئەوە بکەین ئەوە زیادەرۆییە، باواز لەسفرەکان بێنینو وای دابنێین تەنها حەڤدە کەسی رزگار کردبێ، خۆ ئەگەر بەدیوە ئینسانیەکەشیدا تەماشای بکەین نەک حەوت کەس ئەگەر تەنها کەسێکی رزگار کردبێت، مایەی ڕێزلێگرتنەو شایانی ئەوەیە کۆمەڵگە پاداشتی بداتەوە، بەڵام کەسێک لەئەنفالدا خەڵکی ئەنفالکردبێو لەکۆشکی کۆماری حسابی تایبەتی بۆکرابێو مەدالیای ئازایەتی وەرگرتبێ، ئێستاش هەمان ئیمتیازی بەزیادەوە لەدەسەڵاتی کوردستاندا هەبێ، چۆن ئەوپەری نائومیدیو بێمتمانەیی لێناکەوێتەوەو خەڵک بەرەو خراپەکاری ملنانێ..؟ ئاخۆ بەچ لۆژیکێک دەشێت جەلادەکان باشتربژین، لەقوربانیانی ئەنفالو لەو جاشە باشەی ئەمرۆ بەحاڵێکی خراپ دەگوزەرێ..؟ فەرموو بۆئەوەی کەمێک ڕێز لەخۆمان بگرین وەکو مرۆڤ، لەگەڵمندا تۆش قسەی خۆت بکە ئەوجاشەی گەلێک کاری باشی کردووە هەمووومان قەرزاری کردەوەکانین ئەمرۆش پەرپووتی یاساو دڵرەقی رۆژگار فرێی داوەتە قەراغی ژیانەوە..

لەنێوان ئەم موستەشارە کوردەو ئۆسکار شیندلر: ناوی ئەو سەرمایەدارو بازرگانە ئەلمانییەیە کە لە دوادواییەکانی جەنگی جیهانی دووەهەم بەناوی کاری سوغرەوە ژیانی هەزاران جولەکەی لەمەرگ بە دەستی نازیەکان رزگارکردووە، کە ژمارەیان نزیکەی 12 هەزار جولەکە بووە..ئاسمانو ڕێسمان جیاوازی هەیە، نەک هەرلە حکومەتو ئەدای حکومرانی، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو تاکە کەسیش، ئوسکار شیندلر لە میانەی ستەمکاری نازیەکاندا ژمارەیەک جولەکەی لە مردنی حەتمی لە هۆلۆکۆستدا رزگارکردووە، لەمانگی 1945/11 تا مانگی ئایاری /1950 لەناوشاری ریگنیس بۆرگ ژیاوە لەبەرئەو هەڵوێستە مرۆڤدۆستیەی شارەوانی ریێگنیس بورگ وەک رێز لێنان جیدارییەکیان بۆ دروستکردووەو هەتا ئێستاش بەدیواری ماڵەکەیەوە هەڵواسراوە.. دوای مردنیشی هەموو ئەو جولەکانەی لەسایەی ئەم ئەلمانیە نازیەوە دەربازبوون، لە ساڵیادی مردنیدا بەریز دەچن گوڵیان لەسەرگۆرەکەی دادەناو پێموایە هەتا ئەمرۆش ئەو نەریتە بەردەوامەو پشتاوپشتی دەربازبوەکان دەچنە سەرگۆرەکەیو بەدانانی گوڵەکەی رێز لە ئوسکار شیندلر دەگرن. ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی ئەنفال و هۆلۆکۆست و جیاوازییەکانی رەفتاری کوردو جوو . کاتێک ئەنفال وەک هۆڵۆکۆست و هەڵەبجە وەک هیرۆشیمان وێنا دەکەین هەقە شتێکیشمان هەبێ لەوان بچێت، بانمونەیەک بهێنمەوە : ئۆسکار شیندلر) لە کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆست ٢٢٠ کەس ڕزگاری کرد، ئەوانیش پێشوازیەکی گەورەیان لێکرد،شیندلرئەوەندە دڵخۆشبوو دوای ئەو پێشوازیە زۆربەی ژیانی لە نێوان ئەڵمانیاو ئیسرائیل بەسەربرد. کەمردیش جووەکان لە شاری (هێلدس هام)ی ئەڵمانیا تەرمەکەیان دەرهێناو گواستیانەوە بۆگۆرستانی ئۆرشەلیم لە قودس. لە ١٩٦٨/٧/١٨ دەزگای یادفاشم Yad Fashmبریاریدا لەمەولا (ئوسکارشیندلر) یەکێکە لە پشتیوانانی جولەکە، لە١٩٩٣/٦/٢٤ جارێکی تر دەزگاکە جەختی لەبڕیارەکەی کردەوەو هەمان بڕیاری رێزلێنان بۆخێزانەکەشی (خاتوو ئمیلی شیندلر) دەرچوو .

کەچی بەداخەوە لێرە زۆربەی پیاوانی گەندەڵو کۆنە بەعسی بەچەپکە گوللەوە دەچنە سەرمەزاری شەهیدانو کەسانی پاکوبێگەردیش بەخەمساردیەوە بەلای قوربانیانو گۆرستانی گیانبەختکردواندا تێدەپەڕن.

لە نێوان ئوسکار شیندلرو سەعید جافدا لێکچونێک هەیە، هەڵوێستی ئەوموستەشارە کوردەی کە لە ساڵی 1988 ژیانی خۆی خستووەتە مەترسیەوەو خەڵکێکی زۆری لەئەنفال رزگارکردووە.

ئەگەرچی قسەکردنو داکۆکی کردن لەموستەشارە کوردەکان ڕەنگە بۆ ئێمە ئەستەمترین شتێک بێت کە بتوانین پرکێشی تێدابکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەنا کە موستەشارەکان ئەمرۆ دەسەڵاتی کوردستان داکۆکییان لێدەکات، بەڵکو لەبەربەدناوییان لە تاوانەکانی ئەنفالدا کەمترین دەرفەتی هێشتووەتەوە بۆ

ئەوەی ئەگەر چاکەیەکیشیان هەبوویێت مرۆڤ بیوێرێت باسیان بکات.. بەڵام کاتێک من بۆخۆم چووم بەراستەوخۆو روبەروو کەسوکاری ئەنفالکراوانم بینی وقسەیان بۆکردم یاخود ئەوکەسانەم بینی کە سەعید جاف دەربازی کردبوون تەواو دڵنیابووم لە چاکەکاری ئەم پیاوە.
من دەبێت جەخت بکەمەوە لەوەی هەرچی بە داکۆکی کردنیش لەسەعید جاف دەگەرێتەوە ئێمە تەنها پشتمان بەقسەی شایەتحاڵەکان بەستووە، بۆیە هەرچی لەبارەی ئەم کۆنە موستەشارەوە دەینوسین لەحاڵی حازردا تەنها رێزگرتنە لەقسەی شایەتحاڵەکانو کردەوەی ئەو مستەشارە لە دەربازکردنی خەڵکو پەنادانیان، تەواو سەرسورهێنەرە بەجۆرێک ژمارەی شایەتحاڵەکان زۆر زۆرنو هەمووی بەوێنەی ڤیدۆیی‌و دۆکۆمینتکراون، لەوانە چەندین پێشمەرگە لەلایەنە جیاجیاکانەوە بەتایبەتی یەکێتی و پارتی‌و شیوعی شایەتی لەسەر ڕاستی قسەکانی و ئازایەتی دەدەن کە لە سەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا ئەو جاشە دوای ئەوەی داڵدەی داون پارەشی پێداون.. لەڕاستیدا شایەتحاڵەکان ئەوەندە زۆرن، ئەستەمە تاکە کەسێک تاقەتی بەسەریاندا بشکێ هەتا قسەی هەموویان وەرگرێ.
پێشمەرگەکانی پارتی ویەکێتی‌و شیوعی، خەلکێکی زۆر لەدەربازبووەکان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی ئەو کابرایە ئەوەی دەیلێت ڕاست دەکات، شایەتحالێکی کۆنەپێشمەرگە کە ئێستا کەم ئەندامەو هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوە قسەکەی پشتڕاستکردەوەو ووتی هەرچی سەعید جاف دەیلێێ ڕاستەو بڕوام وایە کەمی هەیە زیادی نیە. تەنانەت پێشمەرگەکان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی لاندکرۆزەرەکەی فرۆشتووە بۆ ئەوەی مەسرەفی خواردنو حەوانەوەی پێشمەرگەکان دابین بکات..
هەرچی خۆشییەتی ئەو قسەیە پشت ڕاستدەکاتەوەو دەلێت من موچەکەم 3 هەزار دیناری سویسری بوو، جارێکیان تەنها 80 دینارم لێبردەوە بۆماڵەوە ئەویش ژنەکەم ووتی: ئەرێ سەعید جاف هەر هیچ نەبێ حسابی جاشێکم بۆبکە خۆمن مردم بەدەست چالێنانو چاتێکردنی میوانی تۆوە، واللە منیش ئەو هەشتا دینارەت لێ دەسێنم .. ناچار ئەویشم دایە دەست دایک منداڵەکانو خۆم یەک قرۆشم پێنەما.
دوای ٤ ساڵ لەبلاوبوونەوەی ئەم بابەتە سەردانێکی شاری کفریم کرد، بۆئەوەی رای خەڵک وەرگرین ئاخۆ دەتوانین فیلمێک لەبارەی سەعید جافەوە دروست بکەین، پیشوازی خەڵک زۆر جێگەی سەرسامیمان بوو، کاتێکیش لەگەڵ کاک سەعید و کاستی فیلمەکە رۆیشتین بۆگەرمیان هەستم کرد هێشتا سەعید جاف کەمی وتووە، سەیر لەوەدابوو، لەناو بازاری کفری خەڵک هەبوو یەخەی سەعید جافی دەگرت وخولقی دەکرد بۆماڵەوە سەعید جاف نەیدەناسی دوای پرسیارکردن دەیگوت ئێمە قەرزداری تۆین، تەنانەت لەناو ئەو خانوانەدا کە بۆ لۆکەیشنی فیلمەکە دەگەڕاین ژنێک وتی: ئەمە ماڵی سەعید جافە ئەگەر بیشی سوتێنێ ئێمەدەست ناهێنینە رێی، چونکە ئەو ئێمەی لەئەنفال رزگارکردووە، ئەژنەش سەعید جاف نەیدەناسی دواتر خۆی چیرۆکی دەربازبوون وبەهاناوەچوونی سەعید جافی گێرایەوە، لەهەموو ئەو حاڵەتانە سەیرتر چووین بۆسەیری خانوویەک ودواجاریش هەرلەوێ گیرساینەوە، ماڵی ژنێکی پیربوو ناوی رێژاو بوو، ئەوسا خۆی لەماڵ نەبوو کەچووین بەڵام کچێکی گەنج پێشوازی لیکردین کچەکە بە پێکەنینەوە گوتی :

- توو سەعید جافی ؟
- بەڵێ دایکەکەم بۆ ؟
- کچەکە گوتی : واللە راست بڵێم دایکم بەردەوام دوعات لێدەکات
- ئێ بۆ کچم خراپەم بۆتان بووە ؟
- دایکم زوو زوو بەباوکم دەڵێت ئەگەر ئەو سەعید جافە سەگبابە نەبوایە ئێستا تۆش ئەنفال دەکرایت و لەکوڵم دەبوویتەوەو موچەیەکیشم بۆ دەبرایەوە .. بەڵام ئەوسەگبابە بووە باعیسم !

لەگوندی ئۆمەربل خەڵکەکە زۆر ریزیان لێگرتین، دوای ئەوەی پرسیارم لێکردن گوتیان: دڵنیابە ئەگەر سەعید جاف نەبوایەو موستەشارێکی تربوایە بتانهاوردایەتە ئەم گوندە نەماندەهێشت لەوملە بێن بەمدیودا .

کەچی ئەفسوس ئێمە هێشتا فیلمەکەمان تەواو نەکردبوو، تەنانەت نەگەیشتبووە قۆناغی مۆنتاژیش کەوا بەقسەی کەسانێک کە بەنەزانی و لەرقی یەکێتی وپارتی لەدۆسێی ئەنفالەوە ئالابوون ومیدیا فوی تێکردبوون زۆر نامەردانە پەلاماری (تەهاکەریمی)ی جوانەمەرگیانداو هەوڵیاندا ناوی خۆی وکارەکەی بزرێنن و بەوهۆیەوە گورزێکیش لەمن بووەشێنن. سەرەتا هەوڵی کەپینێکیاندا لەدژی کەزانیان بۆیان ناچێتەسەر لەبەرئەوەی خودی کەسوکاری ئەنفال کارەکتەری فیلمەکە بوون و من راوێژکاری بووم کەسوکاری ئەنفالیان پێ هەڵنەخڕێندرا، ئینجا چوونە بن کلێشەی کاوە مەحمودی وەزیری رۆشنبیری و سەرنوسەری رۆژنامەو ماڵپەرەکان و هەڵمەتێکی فاشیانەیان دەست دایە. بەڵام لەوێشدا وەڵامیان درایەوەو نەیانتوانی لەبەرەی خۆیان زیاتر پێ ڕاکێشن . بەڵام توانیان بۆماوەیەک تەهای جوانەمەرگ ئازار بدەن. سەرئەنجام فیلمەکە بەرهەم هات و چەندین خەڵاتی گرنگی لە ڤیستڤاڵە جیهانی وناوچەییەکان وەرگرت .. کەچی دوای ئەو سەرکەوتنەش هیچ میدیایەک پۆزشی نەهێنایەوەو بنوسێت هەڵەمان بەرانبەر سینەماو تەهاکەریمی کرد !